

# دووەم پۆرترێتی مەحوی

محەمەدی کوڕی عوسمانی باڵخی کە خۆیو باوکی مەلا بوونو نەوەی پیروزانا (شێخ ڕەش)ە (1830–1906 لەجیهانی ئەدەبیاتدا بە(مەحوی) ناسراوە.

کەس نازانێ لەچ ساڵێکەوە شیعری نوسیووەو لەژێر کاریگەری کام لەشاعیراندا بووەو تا کۆتایی تەمەنی چەند دەستنووسی ڕەش کردۆتەوە، بەڵام ئەوەی لەشیعرەکانیدا دیارە کە تا وادەی کۆچی دوایی بەردەوام بووە لەشیعر نووسین.

لەحەفتا تێپەڕیمو حەفتەیەك بۆ دینو بۆ دنیا
بەکاری خۆمو کاری کەس نەهاتم، وەی چ بێکارەم!

ئەگەر ژیانی شاعیرێکی وەکی مەحوی کە جگە لەشاعیریەتی، کەسایەتیەکی دیاری ئەوتۆ بووە کە لەئەستەنبول سوڵتان عەبدولحەمید پێشوازی لێکردووەو بڕیاری داوە کە موچەیەکی لەخەزینەی دەوڵەتی عوسمانلی بۆ بڕێتەوەو خانەقایەکی بۆ دروست بکرێ لەسلێمانی، ئەگەر ئێستا شتێکی ئەوتۆ دەربارەی ژیانی ئەو لەبەردەستدا نەبێو تەنانەت هەندێك ڕووداوی ژیانیشی کە دەبوو ڕوونتربێ لەبەرچاوی ئێمەدا، کەچی هەر بەتەمومژاوی ماونەتەوەو لەشێوەی پرسیاردا خۆیان لەناو پێچو پەنای مێژوودا مۆڵ داوە، دەبێ چ هەژاریەك لەبەرانبەر ژیانو بەسەرهاتی وەلی دێوانەیەك لەئارادا بێ!

مەحوی لەسنەو مەهابادو بەغدا کە لەسەر دەستی مەلاو زانا بەناوبانگەکانی ئەو سەردەمە خوێندوویەتی، چ سوودێکی لێیان دیووە؟ موفتی زەهاوی کە ئیجازەی مەلایەتی پێ بەخشیووە چی پێ وتووەو چۆن هەڵیسەنگاندووە؟ لەبەرچی لەسلێمانی نەفی کراوە بۆ بەغدا؟ شەش ساڵان ئەندامی دادگای سلێمانی بوو لەو ماوەیەدا چی کرد؟

مەحوی کە بەشیعرەکانیەوە دیارە لەجیهانی شەرعو فیکردا دەوڵەمەند بووەو شارەزاییەکی باشی لەتەسەوف هەبووە، ئایا هەر شیعرەکان بەسن بۆ گەواهیدان لەم بارەیەوە یاخود نووسینو گفتوگۆش لەئارادا هەن، کوان ئەو دەستنووسو گەواهیانە؟

هەندێکجار وا زەن دەکەم کە کەمتەرخەمیەك لەئاست نووسینی ئەزموونندا هەر لەکۆنەوە لەشیعری کوردییدا هەبووەو زۆربەی شاعیران هەر تەنیا شیعریان نووسیووەو نەچوون بەلای ئەم جۆرانەی ترەوە بۆیە بەشێکی زۆری ژیانیان لەژێر پەردەی نادیارو نەزانینەوە لەبیرکراون.

ئەگەرچی هەمیشە شیعر زمانی یەکەمی دەربڕین بووەو کوردیش لەو میللەتانەیە کە جگە لەشیعر هیچی تری لەو ئاستە نەبووەو سۆفیانیش هەر شیعریان هەبووە جا لەشیعر زیاتر کام زمان هێندە نزیکە لەڕوحی هەڵکشاو بەرەو خواوەندیەتی.

سەدەی نۆزدە لەڕووی فیکرو هەژانی فیکریەوە سەدەیەکی ئێجگار دەوڵەمەندەو مەحویش لەو سەدەیە ژیاوەو تاریكو روونی دەرکەوتنی سەدەی بیستیشی دیووە، کەچی ئەو دەرکەوتنە لەشیعرەکانیدا دیارنەکەوتووە.

شیعری مەحوی هێندە فیکری تێ ئاخنراوەو بارگاویکراوە پێی لەهەندێکجاردا زیانی لەشیعرییەت داوە، ئەو جۆرە شیعرانەش کەمتر روحی موغامەرەو تێپەڕاندنیان تێدا دەردەکەوێو زیاتر لەفیکردا گیردەخۆن.

یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی شیعری مەحوی ئەوەیە کە کەسی مەعشوق لەناو دەریای بێ بنی عەشقدا بزرەو سیمایەکی دیاریکراوی نییە، واتە عەشق حاڵەتی زاڵەو عاشقو مەعشوق هەمیشە بزرو سوتاوی ئاگری بێ پایانە. "دەبێ دولبەر کە هات ئێمە بەسەرچین".

ئەو تایبەتمەندییە خاڵی بەهێزی شیعرە لای مەحوی ئەگەر چی سۆزو سوتانەکە وایکردووە شاعیر نەتوانێ لەجغزی دەنگی یەکەمدا کە دەنگی شاعیرە رزگاری ببێو بپەڕێتەوە ئاقاری دوو دەنگەکەی تر بەپێی هاوکێشەی مەوزوعی لای "ئیلیوت".

هەندێك لەڕستە شیعرییە چڵەپۆپەکانی:

**-شەو دەبێ بادەی لەدەستی ساقیەك وەرگرتبێ**<br>
**ئەم سبەینێیە لەمەشریق دێتە دەر مەستانەڕۆژ**<br>
**-نەگەیمە ئەو جوانەو گەییمە پیری**<br>
**-لەمەیخانە، خوا! گەر ئێمە دەرچین**<br>
**بەکێ بەین ئیلتیجا، بۆ کێهەدەرچین؟**<br>
**-لەکێ پرسم دڵی بۆ پڕ لەخوێنی حەسرەتە یاقووت**<br>
**عەزا پۆشی چییەو کێیە، جلی پیرۆزە بۆ شینە**<br>
**-بەهارێکی کەوا خۆبێ، نەبێ، هەی یێنو شینێ کەین**<br>
**فەلەك هەر شینە، سەحرا شینە، کێوو لێوی جۆ شینە**<br>
**-بەبێ بەزمی حوزووری تۆ حەرامم کردووە بادە**<br>
**نەوەك بشکێ بەنەشئەی مەی خوماری دەردی بێ تۆیی**<br>
**-نەشەیتان و نەدەوران و نەخزمانم بەمن ناکەن**<br>
**ئەوی نەفسی خەسیسم "مەحویا" کردویە دەربارەم**

**دڵشاد عەبدوڵڵا**